# لەنیو بارودۆخی جەنگ وتیرۆر وفڕاندن وئغتسابی ژناندا ریکخراوی ئازادی ژنان لەنیوەندی شاری بەغداد و لەشاری ناسریە مەراسیمی 8ی مارس رۆژی جیهانی ژنان یاد دەکاتەوە.

## سایتی حیزب:




رۆژی 5 شەممە ریکەوتی 8ی ئازار ریکخراوی ئازادی ژنان مەراسمیکی شکۆداری بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە لە شەقامی "ئەلزەعیم" لەشاری بەغداد سازدا. لەم مەراسیمەدا کەسەرەتاکەی بەکۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری دەستی پیکرد کەتییدا چەندین کەنالی راگەیاندن ئامادەی بوون. هاوری یەنار محمەد سەرۆکی ریکخراوی ئازادی ژن ووتەیەکی پیشکەش بەئامادەبووانکرد وتییدا ئاماژەی بەبارووۆدخی ناهەمواری ژنان لە کۆمەلگای ئەمرۆی عیراقدا داو پە نجەی خستە سەر ئەو پەلامارە درندانەیەی کە رۆژانە دەرهەق بەژنان و مافەکانیان دەکری، لەوانە کوشتن وفراندن وئیعتساب و ئەوبارەودۆخە ئابووریە ناهەموارەی کەژنان پال پیوەدەنی بۆ دیاردەی لەشفرۆشی. بەدوای ئەودا دەلال ربیعی هەلسوراوی بزوتنەوەی ژنان باسیکی لەسەر حالەتی ئەو ژنانە پیشکەشکرد کەلە زیندانی کازیمیەدان و هەروەها پەردەی لەسەر ئەو دەستدریژییانە هەلدایەوە کە لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی مالیکی یەوە کراوەتەسەرژنان. لەدریژەی مەراسیمەکەدا رەغدا عمانۆیل ووتەیەکی بەناوی ریکخراوی ئازادی ژنانەوە پیشکەشکرد کەئاماژەبوو بەمیژووچەی رۆژی جیهانی ژنان. لەکۆتایشدا هاوری موئەیەد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی ووتەیەکی بەم بۆنەوە پیشکەش بەئامادەبووانکرد. شایانی باسە ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق بەهەمان شیوە لەشاری ناسریە یادی 8ی مارس رۆژی جیهانی ژنانی کردۆتەوە هاوکات چەند رۆژ بەر لە هاتنی 8ی مارس چەندین بەیاننامەو پۆستەری ریکخراویان لە نیو شەقام و ناوەندەکانی شاری بەغدادا هەلواسیوە و بلاوی کردۆتەوە.